سەید حەکیم: ڕۆژی سەروەری نیشتمانی پەیامەکی چاکبوونەوەیە و کۆتایی هاتنی ئەرکی هاوپەیمانەتی نەودەوڵەتی وەستگەیەکی گرنگی عێراقە

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزی نیشتمانییەکانی دەوڵەت و سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی کەوت بە کۆمەڵێك سەرکردە و کادیرانی ئافرەت لە ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی لە شاری کەربەلای پیرۆز، هەروەها پیرۆزبایی ڕۆژی سەروەری نیشتمانی و کۆتایی هاتنی ئەرکی هاوپەیمانەتی نەودەوڵەتی لێکردن.

بەڕێزیان ڕوونیکردەوە کە نزیک بوون لە ئیمام حسێن (د.خ) بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە، ئاماژەی بەوەشکرد کە پڕۆژەکانی چاکسازی کەوتوونەتە ژێر هەڵمەتی بە ئامانجگرتن و جەختی لە گرنگی داوای یارمەتی لە خودا و پشت بەستن بە خودا و سەبرگرتن لە بەرامبەر ئاستەنگەکاندا کردەوە هەروەها داوای لە خەڵکی حیکمە کرد کە بەرگەی سەختییەکان بگرن و پابەندبن بە ڕێبازی چاکسازیخوازانە، ڕوونیشیکردەوە کە پڕۆژەکانی چاکسازی پێویستیان بە سەرکردەیەکی ناوازە و نەتەوەیەکی تێگەیشتوو و سەبر و گوێڕایەڵی هەیە.

لە کۆتاییدا سەیدحەکیم ئاماژەی بەوەدا کە بە ئامانجگرتن لە دوو ئاراستەوە سەرچاوە دەگرێت: یەکەم، لەوانەی کە بەهۆی شێواندنەکانەوە بەلاڕێدا چوونە و سەریان لێ شێواوە، دووەمیش لەوانەی کە ئەجێندا و پڕۆژەی خۆیان هەیە و پڕۆژەکانی چاکسازی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر خۆیان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەبینن.

لەکۆتاییدا داوای کرد ڕوونکردنەوەی دۆخەکە بۆ ئەو کەسانەی سەرلێشێواون، ڕوونکردنەوەی بابەتەکان و دەرئەنجامەکانی، جەختکردنەوە لەسەر پابەندبوون بە ڕێبازی حیکمەت و پڕۆژەکەی و بە شانازییەوە ناسنامەی بزووتنەوەکە ڕابگەیەنرێت، هاوکات جەختیشی کردەوە لەسەر گرنگی تێگەیشتن لە دۆخی سیاسی گشتی و گواستنەوە لە قۆناغی بڵاوکردنەوەی هۆشیارییەوە بۆ قۆناغی کاریگەریی کاریگەری...